کۆمیتەکانی ڕیفراندۆم بۆ کوردستان لە سوید کۆنفرانسی سێ یەمی
خۆی ئەنجامدا




کۆمیتەکانی ڕیفراندۆم بۆ کوردستان لە سوید کۆنفرانسی سێ یەمی
خۆی ئەنجامدا

ئه مرۆ 2006.01.21 كۆميته كانی ڕيفراندۆم بۆ كوردستان له سويد كۆبونەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی كۆنفرانسی سێ یه می خۆی لەشاری ڤیستەرۆس.
كەپێك هاتبوو لەكۆمیتەكانی ستۆكۆلم 2- ئوپسالا 3- ئۆریبرۆ 4- یەتۆبۆری 5- كۆمیتەی باشوری سوید. 6- ڤیستەرۆس وەبەئامادەبونی ژمارەیەكی زۆر لەنوێنەرو ئەندامانی كۆمیتەكانی ڕیفراندۆم. وەلەبەر كەش و هەروها كۆميته ی ئومیۆ+ سوندزڤال نەیانتوانی بەشداربن٠
سەرەتا لەلایەن بەرێز كاك ئەمیری قازی به خێر هاتنی ئاماده بوانی كردو به دەقەیەك ماتەمینی بۆ گیانی پاكی شه هیدان كونفرانسی كردەوە.
دوا بەدوای ئەو كاك هاوڕێ حەسەن لەڕاپۆرتێكدا باسی كارو جالاكیەكانی كۆمیتەی باڵای سوێدی كردو ،پاشان كاك سەلاح حسێن ڕاپۆرتی كۆمیتەی باڵای سوێدی خوێندەوە كه وەك دەست خۆشی و پیرۆزبای ناردبویان. وەهەروەها ڕاپۆرتی كارو چالاكیەكانی كۆمیتەی باڵای دەرەوەی وولاتیشی خوێندەوەپاشان كۆمیتەی پێشوو هەڵوەشانەوەی خۆیان ڕاگەیاند .له هه مان كات دا دەستەی دیوان هەڵبژێردران و نوێنەری كۆمیتەكان بەكورتی باسیان لەكارو چالاكیەكانی خۆیان كردوو بەتێرو تەسەلی هەموو بابەتەكان خرانەبەر باس و لێكۆلێنەوە وە خرانەبەرنامەی كاری كۆمیتەكەوە. پاشان كۆنفرانسزۆر باس و پێشنیارو بڕیاری گرنگی لەسەر كاری ئەمرۆی بزوتنەوەكەداو ڕێگا چارەی گونجاوی بۆ دانا ٠ لەوانه
1- كار كردن بۆ بەرەو پێشبردنی بزوتنەوەی ڕیفراندۆم تا گەیشتن بەدوا ئامانجی گه له كه مان كەمافی چارەی خۆنوسینەبۆ گەلی كوردستان له ڕێگایڕیفراندۆمێكی ڕەسمی یەوە كەنەتەوەیەگرتوەكان سەرپەرشتی بكات.
2- هه وڵی ته واو بخرێته گه ڕ بۆ چه سپاندنی مافی چاره ی خۆنوسین بۆ گه لی كوردستان له ده ستوری هه میشه یی كوردستاندا.
3- بەهێزكردنی پەیوەندیەكی تۆكمەلەنێوان كۆمیتەی باڵای ڕیفراندۆم و سەرجەمكۆمیتەی شارەكانی سوێد وه هەوڵدان بۆ بەهێزكردنیان.
4- پەیوەندی كردن بەدامو دەزگا نێو دەوڵەتیو پەرلەمان و حیزبەسیاسیەكانی سوێد وه.
5- دروست كردنی پردی په یوه ندی لەگه ڵ كۆمیتەی باڵای ڕیفراندۆم لەباشوری كوردستان.
6- پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ هەموو كۆمیته كانی تری ئەوروپا و وولاتانی تر وه هەوڵ دان بۆ دروستكردنی كۆمیته لەو وڵاتانەی كەبزوتنەوەی ڕیفراندۆم یان تیا دروست نەبووە.
7- وەرگرتنی هەڵویست لەهەموو بۆنەكان و روداوه كانی كوردستاندا.
8- هه وڵ دان بۆ بە( NJO )كردنی بزوتنه وه كەله هەمو شارەكانی سوێد.
9- هەوڵدان بۆ دابین كردنی سه رچاوەی دارایی٠
هەر وەها كۆنفرانس بەتێكڕای ده نگ پیرۆزبایی لەكۆمەڵانی خەڵكی كۆردستان كرد بەبۆنەی یەك گرتنەوەی هەردوو ئیداره كەی كوردستان.
ئەمانەو چەندین پێشنیارو بڕیاری گرنگ خرایه بەرنامەی كاری كۆمیتەكەوە٠

پاشان بەرێگای نهێنی و هەڵبزاردن  بەزۆرینەی دەنگ ئەندامانی کۆمیتەی باڵا
هەڵبژێردران کەپێك هاتبون لە7 ئەندام وە2 ئەندام وەك یەدەك.
لەکۆتایدا کۆنفرانس زۆر بەسەرکەوتوانەبەسرودی ئەی رەقیب کۆتای بەکارەکانی خۆی
هێنا.

کۆمیتە ی باڵای سوێد
2006-01-21